# هەڵبژاردن و نهێنیەکانی داهاتوو؟

گۆڤار احمد

ئەمن پێم وایە کە دەسەڵاتدارانی کورد باش دەزانن کە دەسکەوتی هەڵبژاردنی 15 ی 12 چەندە باش و دڵخۆشکەریش بن، وەلێ بەقەد دەسکەوتەکانی سەردەمی پۆل بریمەر و حکومەتی هەڵبژێردراوی جەعفەری دەسڕۆییان بەر ناکەوێتەوە. بەسەرنجیشەوە دەڵێم کە ئەو جۆرە بەرپرسانە دەستڕۆیی خۆشیان بەدەسکەوتی خەڵك ناوزەند دەکەن.

جا پرسیار ئەوەیە: گەلۆ ئەگەر ئەوان دەزانن کە ناتوانن ئاستی دەستڕۆیی خۆیان بەگوێرەی دەستڕۆیی نێو ئیدارە و، حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی پێشوو بپارێزن، ئەی بۆ ئاوەها بەگەرمی بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کرد؟. یان لۆ و، لەبەرچی ئەو هەموو هەوڵەیاندا، تاوەکوو خەڵکێکی زیاتر بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن؟.
ئەڵبەتە وەڵامەکە لەپرسیارەکە تێکهەڵچڕژاوترە.

قسەیەکی باب و باپیرانمان هەیە دەڵێ: چاکە بکە و بەئاوێی دادە.

وەك هەمموو لایەك دەزانین کە ئەو دوو بەرپرسە کوردەش بەگوێرەی باب و باپیران بیر دەکەنەوە و، بڕیاران دەدەن، نەك بەگوێرەی سەردەم. لۆیە پێیان باشە نیاز پاکی خۆیان هەم لۆ عەرەبەکان و، هەمیش لۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بخەنە بەرچاوان. واتە ئەوان بەگوێرەی بۆچوونی خۆیان، سەرەڕای هەبوونی فرت و فێڵ و پۆخڵەواتیەکانی گروپە مزهەب گەراییە عەرەبەکانیش، هەندێك شتیان لۆ خۆیان هەر مسۆگەر کردووە.

بەڵێ ئەوان باش دەزانن کە ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری عەرەب لەم دەمو دەستەدا ئامادە نییە کەلەسەر بنەمای تەوافوق و فیدڕاڵیەکی لەدڵەوە دان بەماڤی کورداندا بنێ.

ئەڵبەتە هەر لەسەرەتاشەوە ئەوان پلانێکی وایان لەبەردەستدا نییە کە ئێراق دیموکراتی بکەن و، لەنێو هەلومەرجە دیموکراسیە بەدەستهاتووەکەدا مافەکانی کوردیش دەستەبەر بکەن. چونکە خۆشیان وەکوو پێویست مرۆڤی دیموکرات نین. بەڵکوو ئەوەیە نیاز پاکی خۆیان نیشان عەرەبان دەدەن و، پەیامی ئەوە بەڕای گشتی دەدەن کە کورد پلانی سەربەخۆیی و دابڕانی لەبەردەستدانییە.

جا لێردا پرسیارەکی دیکە سەر هەڵدەدا، گەلۆ ئەو شتە چییە کە ئەوان گەرانتیان کردووە و، بەخەڵکی کوردی ناڵێن؟.
وەڵامی ئەم پرسیارەش لەپشت چەند هاوکێشەیەکەوە شاراوەیە.
یەکەم: هەوڵوو کۆششەکانی کۆمکاری عەرەبی چەندە سەرکەوتوو دەبێ، لەلێك دانەبڕانی عەرەبەکانی شیعە مەزهەب و سونە مەزهەبەکانی نێو عێراق و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراق؟.
دووەم: ئاراستەی گفتوگۆکانی گەڕانەوەی ویلایەتی موصڵ بۆ سەر کۆماری تورکیا بەرە و کوێ دەچێ و بە چ ئەنجامێك دەگا.
سێیەم: تورکیا کە ناچار بووە کێشەی کورد چارەسەر بکا، وەلێ بەهیچ جۆرێکیش ناوێرێ ئەم کێشەیە لەگەڵ پەکەکە دا باس بکا.
ئەمە و چەند خاڵێکی دیکەش کە مەگەر لەسەرەتای هاوینی 2006 دا بتوانین بەئاشکرا باسیان لێوە بکەین.